بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران
ژمارە (١٥٩) لە ٢٠٢٢/٦/٢٢

پشتبەست بە حوکمەکانی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و ئاماژە بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٨٥) لە ٢٠٢٢/٦/٢٢، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:

١. درێژکردنەوەی ماوەی کارکردن بە سەرجەم بڕگەکانی بڕیاری پێشووی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٤٠) لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٤/٦ تایبەت بە ئاسانکاریی بۆ دابینکردنی پێداویستییە خۆراکییە سەرەکییەکان تاکو بارگرانی نەبوونی بەرهەمە خۆراکییەکان یان گرانبوونیان لەسەر هاوواڵتیان دروست نەبێت تا ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٩/٣٠.

٢. ڕاسپاردنی تیمەکانی چاودێریی بازاڕ و لیژنەکانی قایمقامیەت و ئاسایشی بازرگانیی لە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان بۆ بەردەوامبوون لە چاودێریکردنی بازاڕ و ڕێگرتن لە خراپ سوودوەرگرتن لەم ئاسانکارییانە و بەرگرتن لە بەرزکردنەوەی نرخەکان و حەواڵەکردنی سەرپێچیکاران بۆ لێپرسینەوە و ڕێکاری یاسایی و قەزائی.

٣. وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن و وەزارەتی دارایی و ئابووری گشتاندنی پێویست دەکات بۆ دەروازە و خاڵە گومرگییەکان بۆ مەبەستەکانی ئەم بڕیارە.

مەسرور بارزانی
سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران